www.xebat.net
سێ شەممە 2017/11/14 ژمارە (5391)
هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com

بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پێشوازی لە شاندی چەند حیزبێک و مەهدی زانا کرد

# بۆ دەستکەوتی نیشتیمانی پشت بە سەرۆک بارزانی دەبەستین



بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر چەند پرسێکی نیشتمانی و پەیوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ئاشتیخوازانی کوردستان، دوێنێ عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە ئامادەبوونی بەرپرسی دیسکی پارتە کوردستانییەکان و ئەندامانی پەیوەندییەکان، پێشوازی لە قادر شوانی سکرتێری حزبی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردستان و شێخ عەلی سکرتێری بزووتنەوەی ئاشتیخوازانی کوردستان و شاندێکی یاوەریان کرد کە لە سلێمانیەوە سەردانی بارەگای مەکتەبی پەیوەندییەکانیان کردبوو.

لە دیدارێکدا دوایی خستنەڕووی دواین پێشهات و رووداوە سیاسییەکانی کوردستان و ناوچەکە و هەنگاو گۆڕانکارییە خێراییەکان، هەروەها باس لە رەوشی خراپ و ناجێگیری سیاسی کەرکوک و بریارە تاکڕەویی و داگیرکاییەکان بەسەر خەڵک و لایەنە سیاسییەکانی کەرکووک و ناوچەکە کرا.

هاوکات بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی تەئکیدی کردەوە بۆ ئەم قۆناغە دەبێت هەموو لایەک بەرپرسیارییەتی گەورەتر بۆ بەرژەوەندی گەلی کوردستان بیربکەینەوە و خاڵە هاوبەشەکانی نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکان یەکبخەین و هاوسەنگی سیاسی و سەربازیی و کۆمەڵایەتی بۆ نیشتیمان بهێتەکایەوە. هاوکات باس لەپتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و هەردوو حزب و تەواوی لایەنە سیاسییەکان بۆ ئەم قۆناغە هەستیارە کرایەوە. هەرلەو دیدارەدا بەرپرسی پەیوەندییەکان بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان رۆڵ و هەڵوێستی حزبی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ئاشتیخوازانانی کوردستان لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و پاڵپشتییان بۆ پرۆسەی سیاسی کوردستان بەبەرزی هەڵسەنگاند.

هەر لە دیدارێکی دیکەدا، عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی بەرپرسی دیسکی پارچەکانی تری کوردستان و ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی لە کەسایەتی سیاسی دیاری کوردی باکوری کوردستان مەهدی زانا کرد و لە دیدارەکەدا بارودۆخی کوردستان و کاریگەرییەکانی 16ی ئۆکتۆبەر بەسەر پرۆسەی سیاسی لە کوردستان و لێکترازانی لایەنەکان و پێشهات و گۆرانکارییە چاوەڕوانکراوەکان خرایەڕوو.

هەر لەو دیدارەدا مەهدی زانا تەئکیدی کردەوە هەموو هیواو ئومێدی گەلی کوردستان لەهەرپارچەیەکدا بۆ دەستکەوتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان پشت بە سەرۆک بارزانی دەبەستێن.

## دەزگای خێرخوازیی بارزانی خولێکی شەترەنج بۆ پەنابەرانی سوری دەکاتەوە



دەزگای خێرخوازیی بارزانی خولێکی شەترەنج بۆ ئارەزوومەندانی ئەو یارییە لە سەنتەری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی جەلادەت بەدرخان لە کەمپی قەڵای ئاکرێ کردەوە.

رێکەوتی 2017/11/13 خولێکی شەترەنج بۆ ماوەی2 رۆژ بۆ پەنابەرانی سوری لە کەمپی قەڵای ئاکرێ لەلایەن دەزگای خێرخوازیی بارزانییەوە کرایەوە.

مەبەست لە کردنەوەی ئەم خولە بردنە سەرەوەی ئاستی ئارەزوومەندانی شەترەنجە و گرنگیدانە بەم وەرزشە جیهانییە لە نێو پەنابەراندا و بڕیار وایە لە کۆتایی خولەکەدا خەڵات بەسەر سەرکەوتوواندا دابەش دەکرێت.

لەبارەی ونبوونی منداڵێکەوە

## پۆلیسی هەولێر ئاگادارییەکی بڵاوکردەوە



بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر ئاگادارییەکی لەبارەی ونبوونی منداڵێکەوە بڵاو کردەوە.

دوێنێ رۆژی دووشەممە 13/11/2017 بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر لە ئاگادارییەکدا ڕایگەیاند: تکایە هاوکارمان بن لە دۆزینەوەی ئەم منداڵە بەناوی مستەفا خالس دوێنێ کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆ لە پێش قوتابخانەی رابین، لەگەڕەکی هەڤاڵان ون بووە.

لە ئاگادارییەکەی پۆلیسی هەولێردا ئەوەش خراوەتە ڕوو، هەر کەسێک زانیاری دەربارەی ئەم منداڵە دەزانێت بە زووترین کات پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکات بە ژمارە تەلەفۆنی 066134.

# بەرزکردنەوەی توانای مامۆستایانی قوتابخانە ئایینییەکان تاوتوێ دەکرێت

د. پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نووسینگەی تایبەتی خۆی بە بەشداری نوێنەری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و بەڕێوەبەری ئەزموونەکان و پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردە و چەندین کەس و لایەنی پەیوەستدار بە قوتابخانە ئاینییەکان، کۆبوونەوەیەکی ڕێکخست.

ئەم کۆبوونەوەیە کە بۆ دیراسەکردنی بارودۆخی قوتابخانە ئایینییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە ئەنجامدرا، تیایدا قسە لەسەر ئەم تەوەرانەی خوارەوە کرا:

یەکەم: پرۆگرامەکانی نوێی خوێندن لە دوای وەرگرتنەوەی ئەم قوتابخانە ئایینییانە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە،



بە شێوەیەک ڕێکخراوە کە جگە لە بابەتەکانی زانستیی ئیسلام، بابەتی ئەکادیمیش دەخوێندرێن، ئەمە بە مەبەستی ئەوە بوو تا وەزارەتی خوێندنی باڵا لە کۆلێژە جیاجیاکاندا ئەو قوتابیانە وەربگرێت کە پێشتر چارەنووسیان ناڕوون بوو و تەنیا کۆلێژی شەریعە وەریدەگرتن. و لەتەوەری دووەمی کۆبوونەوەکەدا، وەزیری پەروەردە لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەیوەندیدار بە قوتابخانە ئایینییەکان، باس لە بابەتەکانی کارگێڕی قوتابخانە ئایینییەکان و ڕاهێنانی مامۆستاکانیان کرا و ڕاستەوخۆ لە کۆبوونەوەکەشدا شوێنەکانیان دیاریکرا.




**خەبات ـ سەبریە یوسف:**

ئەو زەمینلەرزەیەی کە شەوی رابردوو هەرێمی کوردستانی گرتەوە بووە هۆکاری دارمانی بەشی سەرەوەی قەڵای شێروانە لە شارۆچکەی کەلار. لەوبارەوە، ساڵح محەمەد ، جێگری بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان، بە خەباتی راگەیاند: بەهۆی زەمینلەرزەکەی شەوی رابردوو کە هەرێمی کوردستانی گرتەوە، بەشی سەرەوەی قەڵای شێروانە رووخاوە و زیانی زۆری بەر پایەکانی کەوتووە. گوتیشی: نۆژەنکردنەوەی ئەو رووخاوییەی قەڵای شێروانە کاتی دەوێت تا نۆژەن بکرێتەوە .

ساڵح محەمەد راشیگەیاند: بەسوپاسەوە حکومەت بەڵێنیداوە هاوکاری بەرچاومان بکات بۆ نۆژەنکردنەوەی بەشی سەرەوەی قەڵاکە.

# نازم هەرکی: کۆبوونەوەیەک بۆ لێبوردنی گشتیی زیندانیان ئەنجام دەدرێت

نازم هەرکی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت، لە داهاتوویەکی نزیک کۆبوونەوەیەکی پێوەست بە لێبوردنی گشتیی بۆ زیندانیان ئەنجام دەدرێت.

ماوەی چەند ساڵێکە لێبوردنی گشتی لە کوردستان دەرنەچووە، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی ناوخۆ و پەرلەمانی کوردستان لە ئاستی لیژنە پەیوەندیدارەکاندا لەسەر خەتن، تا لەوبارەوە بڕیارێک بدرێت، نازم هەرکی، جێگری سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایشی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: بڕیارە رۆژی دووشەممەی دابێ، لیژنە پەیوەندیدارەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە پەرلەمانی کوردستان کۆ ببنەوە و گفتوگۆ لەسەر بابەتی لێبوردنی گشتی بکەن بۆ ئەوەی بگەنە دەرئەنجامێک بۆ ئەوەی یاسایەک بۆ لێبوردنی گشتیی زیندانیان دەربکرێت، چونکە جگە لەوەی ئەمە داواکارییە، لە هەمان کاتدا گرنگە لەم کاتەدا.

هەرکی ئەوەیشی خستە ڕوو: زیندانیان و کەسوکارەکانیان زۆر داوای پرۆژە یاسای لێبوردنی گشتییە دەکەن، بۆیە کاری جیددی لەسەر دەکرێت تا ئەو یاسایە دەربکرێت

.ئێستاش داواکاریی بەشێکی زۆریان هاتووەتە بەردەستمان، ناوەڕۆکی یاسای لێبوردنی گشتی لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیەی نێوان لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەبێت، بۆ ئەوەی بزانین ئەو یاسایە کێ دەگرێتەوە، چونکە دەبێ لەوبارەوە هەڵسەنگاندن بکرێت و ڕێک بخرێتەوە.

## وۆرکشۆپێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی شێرپەنجەی مەمک رێکخرا

**خەبات ـ فاتیح بەرزنجی:**

سەنتەری دەستنیشانکردن و چارەسەری نەخۆشییەکانی مەمک لە هوتێل کریستال لە هەولێر بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە پزیشکانی پسپۆر، وۆرکشۆپێکیان بۆ پزیشکانی ئافرەتان و سۆنەر لە نەخۆشخانەکان و بنکە تەندروستییەکانی سنووری هەولێر سازکرد.

سەبارەت بە ڕێگریکردن لەو نەخۆشییەوە، بەڕێوەبەری سەنتەری ناوبراو ئاماژەی بە ڕێگرییەکان لە نەخۆشییەکەدا و بە داتاشۆ بە تێروتەسەلی باسی لە نەخۆشیەکە کرد و چەندین خاڵی گرنگی خستەڕوو تا ئامادەبووان لە ئەرکی رۆژانەی خۆیان سودی لێ وەربگرن.

# د.یوسف گۆران: کێشەکانی قوتابیان تا ئەوکاتە چارەسەر دەکەین کە کاریگەری نەکاتە سەر کواڵیتی

وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕایگەیاند: وەزارەتەکەمان دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرێمەکەمانی ڕەچاوکردوە، بەڵام نابێ لە بارودۆخی ناهەمواردا پرۆسەی خوێندن بەئاست و بەهاکانیەوە دابەزێنین، بۆیە کێشەکانی قوتابیان تا ئەوکاتە چارەسەر دەکەین کە کاریگەری نەکاتە سەر کواڵیتی.

ئەو ڕاگەیاندنەی د.یوسف گۆران وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی رۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2017/11/13 لە میانەی سەرپەرشتیکردنی کۆبوونەوەی هەفتانەی ئەنجوومەنی دیوانی وەزارەت هات، کە تێیدا گفتوگۆ لەبارەی کارو بەرنامەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و دۆخی هەرێمی کوردستان کرا.

بۆ ئەوەش لەسەرەتادا د.یوسف گۆران وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕایگەیاند: وەزارەتەکەمان بەهۆی ئەوەی مامەڵە لەگەڵ توێژێکی کاریگەری کۆمەڵگە دەکات، بۆیە ئەوان بە کوڕ و کچی خۆمان دەزانین و ئەوەی بۆمان بکرێ هەوڵ دەدەین کێشەکانیان چارەسەر بکەین، بەڵام بەشێوەیەک کاریگەری نەکاتە سەر کواڵیتی خوێندن،



چونکە دابەزاندنی ئاستی خوێندن لە زانکۆکان لەگەڵ ئەوەی زیانێکی کوشندە بەمیللەتەکەمان دەگەیێنێ، لەهەمان کاتدا دڵی دوژمنانی گەلەکەشمان خۆش دەکات و هێندەی دیکە لە گەیشتن بە ئامانجە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانمان دوورمان دەخاتەوە، بەوەش میللەتەکەمان بەرەو قۆناخێکی هەڵدێر دەبات.

سەبارەت بە دۆخی هەرێمی کوردستانیش، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی گوتی: ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بارودۆخێکی تایبەتدایە و پێشتر بەغدا هەوڵی دەدا مافە دەستورییەکانمان لێوەربگرێتەوە، بەڵام ئێستا خەریکە دۆخەکە پێچەوانە دەبێتەوە و هاوپەیمانان لە هەوڵدان بۆ ڕێگریکردن لە پێشێلکردنی مافە دەستورییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئێراقەوە، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکانی لەگەڵ بەغداد دەدات و دەستوری هەمیشەیی ئێراق دەکاتە بنەمای سەرەکی گفتوگۆکانی.

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیش وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕایگەیاند: بە یەکڕیزی و یەک ئامانج و تەبایی و یەک وتاری دەتوانین بگەینە ئامانجە باڵاکانمان، چونکە واقیعی کوردستان و هاوپەیمانیش یەکڕیزیان لێماندەوێ، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەوڵەکانی بەو ئاڕاستەیدا دەستپێکردوە. لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، ئامادەبووان بە سەرەنج و بۆچوونەکانیان باسیان لە بارودۆخی خوێندنی باڵا و چۆنیەتی چارەسەرکردنی گرفت و کەموکوڕییەکان کرد.